# بەکارهێنانی کەنار ئاویەکانی هەرێمی کوردستان لەنێوان یاساو بارودۆخی راستەقینەدا قەزای کۆیە بە نموونە

بەندی عمر عبدالله

بەشی کارگێری کار, پەیمانگەنەکنیکی کۆیە, زانکۆیی پۆلیتەکنیکی هەولێر, هەولێر, عیراق

**پوختە**

بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان،بۆتە بەرچاوترین و گرینگترین سەرمایە بۆ ولاتان چ لە ولاتانی پێشکەوتوو، چ لە ولاتانی تازە پێشکەوتوو. لەپرۆسێسی شوێنە گەشتیاریەکان و سەرچاوەکانی داهات پشتی پێ ئەسپێردرێت. لە هەرێمی کوردستانیش وا بیست ساڵە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکانی بەکار ئەهێندریت. بەلام هەرگیز بێ گرفت نەبووەو زۆر ئەستەمە بگوترێت لە ئاستی چاوەروانیدا بووە.بەهۆی نەبوونی پلانێکی رێکخراو بۆ دیزاین و دابەشکردنی شوێنەکان،بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو. بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کۆسپ و بەربەستانە و دۆزینەوەی چارەسەر نەبوونی زانیاری تەواو لەلایەن هاولاتیان لەبەردەست دانەبووبەهەنگاوێکی زانستیی ئەم توێژینەوەیەئەنجامبدرێت

**وشەکلیلەکان:** کەنار ئاویەکان، یاسا، بارودۆخی راستەقینەدا.

## 1. پێشەکی

لەگەل ئەوەی کەنار ئاوییەکان، بۆتە بەرچاوترین و گرینگترین سەرمایە بۆ ولاتان، چ لە ولاتانی پێشکەوتوو، چ لە ولاتانی تازە پێشکەوتوو، لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەهەمان شێوە هاوشێوەی ولاتان، چەندین یاساو رێنمای دەرکراوە بۆ رێکخستنی کەنار ئاویەکان و پرۆسێسی بەکارهێنانی شوێنە گەشتیاریەکان و سەرچاوەی داهاتی کەنارئاوییەکان لەگەل ئەمەشدا، لە هەرێمی کوردستانیش بیست ساڵە کەنار ئاویەکانی بەکار ئەهێندریت، بەلام هەرگیز بێ گرفت نەبووەو زۆر ئەستەمە بگوترێت لە ئاستی چاوەروانیدا بووە. بەردەوام کێشە هەبووە لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان، بەهۆی نەبوونی پلانێکی رێکخراو بۆ دیزاین و دابەشکردنی شوێنەکان بە شێوەیەکی پلان بۆ دارێژراو، بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کۆسپ و بەربەستانە و دۆزینەوەی هۆکارەکانی نەبوونی زانیاری تەواو لەلایەن هاولاتیان و گەشتیاران، پێویست بوو وەک هەنگاوێکی زانستیی سەرەتایی، ئەم توێژینەوەیە ئەنجام بدرێت.

٢ .چوارچێوەی گشتی توێژینەوەکە:

1.2 .کێشەی توێژینەوەکە :

ئەم توێژینەوەیە هەولێکە بۆ دەستنیشانکردنی ئەو کۆسپ و تەگەرانەی رووبەرووی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان دەبنەوە لە هەرێمی کوردستاندا،بەتایبەتی قەزای کۆیە.

٢.٢ .ئامانجی توێژینەوەکە

ئامانجەکانی ئەم توێژنەوەیەش بریتین لە:

.١ -دەستنیشانکردنی کێشەو بەربەستەکانی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لە قەزای کۆیە

٢ -پێشنیازکردنی چارەسەری گونجاو بۆ هەندێ لەو ئاستەنگ و بەربەستانە .

٣-بەراوردکردنی دەقی یاساکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان یاسای ژمارە (٥٩) بۆسالی (1987)

3.2 گرینگی توێژینەوەکە:

مجلّة پۆلیتكنیك للعلوم الإنسانية والإجتماعية
المجلد 3، العدد 2 (2022)
أُستلم البحث في 22 نوفمبر 2021؛ قُبل في 6 مايو 2022
ورقة بحث منتظمة: نُشرت في 9 سبتمبر 2022
البريد الإلكتروني للمؤلف bandi.abdullah@epu.edu.iq
حقوق الطبع والنشر © 2022 بەندی هذه مقالة الوصول اليها مفتوح موزعة تحت رخصة المشاع الإبداعي النسبية - CC BY-NC-ND 4.0

توێژینەوەیەکی مەیدانی و زانستیە بۆ چۆنیەتی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکانی قەزای کۆیە لە هەرێمی کوردستان. بەچ شێوەیەک بەکارهێنانی کەنار ئاوییەکان لە پرۆسێسی گەشت و گوزاری سوودی زیاتری دەبێت بۆ بەدەست هێنانی داهاتی زیاتر بۆحکومەتی هەرێم. هەموو ئەمانە سوودی دەبێت بۆ توێژەران کە لەچەندین لایەنی ترەوە وردتر لەم پرسە بکۆلنەوە،هەروەها هاندەرێک دەبێ بۆ لایەنە بڕیاربەدەستەکانی یەکە کارگێڕیەکان و قائیمقامی قەزای کۆیەو بەڕێوەبەری ناحیەکانی سنوری قەزای کۆیە، و وەزارەتە پەیوەندیدارەکانی ترو بۆ پێداویستیەکانی چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێکارەکانی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکانی هەرێمی کوردستان بەتایبەتی قەزای کۆیە .

4.2 میتۆدی توێژینەوەکە :

میتۆدی توێژینەوەکە متۆدی (وەسفی شیکاری یە) رووپێوی پەیرەوکراو.وەک کەرەسەو ئامرازی کۆکردنەوەی زانیاری و بیرو بۆچوونی (نموونە) ی توێژینەوەکە بەکارهاتووە. وەهەروەها چاوپێکەوتنمان ئەنجام داوە لەگەل کەسانی پسپۆر لە وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم و بەرپرسی فەرمانگەی شوێنەوار لە قەزای کۆیە.

فۆرمی راپرسییەکە لە دوو بەش پێکهاتووە بەشی پرسیارە کەسی یەکان (رەگەز، تەمەن، بروانامە، بەش، سالانی خزمەت) وە بەشی دووەم لە( 13)پرسیار پێکهاتووە تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان کە ( 13) پرسیارە ئامرازی Likert Scale بەم شێوەیە بەکارهاتووە (زۆر خراپ=1، خراپ=2، مامناوەند=3، باش=4، زۆرباش=5).

زانیاری و داتاکانی ئەم راپرسییە لەلایەن( ١٣٠ )کەس کۆکراوەتەوە کە ئەوانیش دابەش بوون بەسەر خاوەن پرۆژەکان (٧٠)، بەرپرسەکارگێڕییەکان (٩)، هاولاتیان و کاسب و قوتابیان و فەرمانبەران و مامۆستایان و کابانی مال (٥١) . پاش پاککردنەوەی داتاکان لەبەرنانەواوی (6) فۆرم لادران ئینجا ئاماری وەسفی ( Descriptive Analysis) و One Sample T-Test و One Way ANOVA بەکارهاتوو. بۆ شیکردنەوەی داتاکان بە بەرنامەی SPSS version 25.

تاقی کردنەوەی One Sample T-Test بەکاردێت بۆ دەرخستنی جیاوازی ناوەندەژمێری لەنێوان یەک نموونە لەگەل نرخێکی گریمانەیی (نرخی گریمانەیی =3) (Blbas, 2019) وەک لەم توێژینەوە بەکارهاتووە بۆ زانینی جیاوازییەکی ئاماری بۆ هەریەک لە پرسیارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان (13 پرسیار(

تاقی کردنەوەی One Way ANOVA بەکاردێت بۆ دەرخستنی جیاوازی ناوەندە ژمێری لەنێوان زیاتر لە دوو کۆمەلگا (Blbas et al., 2020) وەک لەم توێژینەوە بەکارهاتووە بۆ زانینی جیاوازی لە نێوان سێ چینی جیاواز لە بەشداربووانی توێژینەوە لەگەل کۆی گشتی وەلامی پرسیارەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکە (13 پرسیار( ئەنجامەکان

Reliability Measurementپێوەری باوەرپێکردن

متمانەو باوەرپێکردن بۆ داتاکانی توێژینەوە پێش پێشکەشکردنی ئەنجامەکان تاقیکراونەتەوە بە بەکارهێنانی ئەلفا کرۆنباخ. گونجاوی ناوەکی بۆ تاقیکردنەوەی متمانەپێکراو بە بەکارهێنانی ئەلفا کرۆنباخ دەپێورێت. کەمترین سنوری گونجاوی ناوەکی و پەسەندی ئەلفا کرۆنباخ (0.60)ە بۆ ئەم پێوانەیە (Hair et al., 2003). بەهاکانی ئەلفا کرۆنباخ بۆ پشکنینی گونجاوی ناوخۆی داتاکان مەزندە کراوە پاش کۆکردنەوەی داتاکان (Zhong et al., 2017; Blbas, 2019; Taber, 2018).

بۆ لێکۆلینەوەی گەرانی یاخود ئەزموونی پێشنیار کراوی متمانە یاخود باوەرپێکراویەکەی یەکسان یاخود زیاتر بێت لە0.60( (Straub et al., 2004. Hinton لە (2014) پێشنیاری چوار خالی کردووە بۆ باوەرپێکراوی کە بریتین لە، متمانەیەکی نایاب (0.90) و سەروتر، متمانەکردنی ناوەندی (0.50-0.70) و نزمی متمانە (0.50) و یان کەمتر. هەرچەندە باوەرپێکردن یاخود متمانە بۆ هەر توێژینەوەیەك گرنگە، بەلام پێویست نیە تا ئەو کاتەی لەگەل ڕەوایەتیدا یەکخرابێت، بەواتایەکی تر بۆ ئەوەی تاقیکردنەوەیەك باوەرپێکراو بێت دەبێت یاسایی بێت (Wilson, 2014). لەم توێژینەوە بەهای بەرزی متمانەپێکراو بە بەکارهێنانی ئەلفا کرۆنباخ بۆ( 13 پرسیاری) راپرسییەکە کە بریتییە لە( 0.79) ئەوە دەردەخات کە لە ناوخۆدا هاوتایە و ناوەرۆکی هەمان پێکهاتە دەپێوێت.

٣. باسی یەکەم : کورتەیەک لە مێژووی زێی بچووک:

زێی بچووک یەکێکە لەسەرچاوە ئاوییە سەرەکیەکانی سنوری ناوچەی لێکۆلینەوە، کە بەبەشی باشوری قەزاکە تێدەپەرێت و قەزای کۆیە لە پارێزگای کەرکوک و سلێمانی جیا ئەکاتەوە، لەوپەری باشوری رۆژهەلاتی سنوری قەزای کۆیە لە نزیک گوندی کلێسە سنووری سروشتی ئاوی قەزاکە پێک دێنێت بە درێژی (٧٤)کم تا گوندی سارتکی سەربە ناحییەی تەق تەق سنوری قەزاکە دەبەزێنێت تێکرای ئاوی ئەم زێیە (٦,٩٩) ملیار م(٣)هەروەها تێکرای ئاوی لەبەرڕۆیشتنی ئاوەکە دەکاتە (٢٢٤)م٣، چرکە. لێکۆلینەوەو توێژینەوە کیمیاویەکان دەریان خستووە ئاوی زێی بچووک ڕێژەی خوێی کەمەو بۆ هەموو کارێکی رۆژانەی مال و کشتوکال و پیشەسازی و گەشتیاری بەکاردێت، سەرەرای نەبوونی توێژینەوەک بۆ سوود وەرگرتنی گەشت و گوزار لە زێی بچووک، ئەم ناوچاوانەش لێژییەکەیان نزیکەی (٥,٨م) دەبێت بۆیە ناوچەیەکی گونجاوە بۆ گەشت و گوزار( لقمان وسو عمر: ٢٠٠٩: لاپەرە ٢٠١ ).

1.٣. تەوەرەی یەکەم: رۆلی یەکەکارگێڕیەکان وبەشە کشتوکالیەکان و بەرێوەبەرایەتیە گەشتیاریەکان لە پاراستنی کەنار ئاویەکان.

کەنار ئاویەکان دادەندرێت بە سەرمایەکی گرینگی نیشتمانی، وە یەکێکە لە هاوینەهەوارو شوێنە گرینگەکانی گەشت و سەیران، سەرابی پیشاندانی پێشکەوتووی ئەم شارە،لەبەر ئەم هۆکارەیە کە ولاتان سورن لەسەر ڕێکخستنی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لەگەل پێدانی دەرفەت بە بەکارهێنەرانی کەنار ئاویەکان، لەژێر چاودێری لایەنی پەیوەندیدار لەگەل دیاریکردنی ئەرک و مافی بەکارهێنەر، وەبەکارهێنانی کەنار ئاویەکان پێویستی بەچەند مەرجێک هەیە بۆ ئەوەی بەکارهێنەر بتوانێت کەنار ئاوئەکان بەکار بهێنێت، بۆیە ئەم بەشە دابەش ئەکەین بۆ دوولق، لقی یەکەم پێناساندن و رۆلی یەکەکارگێڕیەکان لە پاراستنی کەنار ئاویەکان، لقی دووەم دیاریکردنی ئەرک و مافی داواکاریۆ بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان.

2.٣. لقی یەکەم

پێناسەودیاریکردنی رۆلی یەکە کارگێڕیەکان وبەشە کشتوکالیەکان و بەرێوەبەرایەتیە گەشتیاریەکان بۆ پاراستنی کەنار ئاویەکان

٣,٣ . پێناسەی کەنار ئاویەکان

کەنارئاویەکان ئەم وشکاویەیە بەدێژای زەریاو دەریاو زێ و روبارەکان دێژ ئەبێتەوە، کەشوێنێکی سروشتی یەو لەلایەن مرۆڤ بەکاردێت. لەکاتێک ئەم یاسایە پێش هەموار کردنی ماددەی (٤) روبەرێکی زۆری بەجێ ئەهێشت لەزەوی، ئەم زەویانەی

دەکەوتە پشتی بەنداوە سیستەمیەکان. یان کەندەلانی تایبەت بە مەبەستەکان جیاوازە لە مەبەستی تایبەت بەکەنارئاویەکان کە دەکەوێتە پێش بەنداوە سیستەمیەکان یان کەندەلان بە گوێرەی بارودۆخ .لەهەمان کاتدا یاسادانەری عێراقی ڕێگای داوە بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان بۆ دروستکردنی شوێنە گەشتیاریەکان بەبێ هیچ بەربەستێک و دورکەوتنەوە. (یاسای بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان ژمارە (٥٩) بۆ سالی (١٩٨٧). بەلام وەزیری سەرچاوەکانی ئاو هەڵسا بە هەڵوەشاندنەوەی ئەم دەقە بە گوێرەی ڕێنمای ژمارە (٣) بۆسالی ١٩٩٠ بۆ پارێزگاری لە کەنار ئاویەکان و شوێنە قەدەغە کراوەکان کە ئەم کارەش تایبەتە بە وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێم پالپشت بە لافاوەکەی سالی (١٩٨٨)، ئەم ڕێنماییە لە ماددەی (٢) برگەی (٣) نابێت لە (١٥) مەتر کەمتر بێت لە هێلی قەدەغەکراو وەناکرێت زیادە ڕۆیی بکرێت بە دروستکردنی بیناو بێستان ).ڕێنمای ژمارە (٣) بۆسالی ١٩٩٠).

٣,٣ ڕۆلی یەکەکارگێریەکان :

هەریەک لە یەکەکارگێریەکان و بەشەکانی کشتوکالیەکان و بەرێوەبەرایەتیە گەشتیارییەکان چەند کارێکی تایبەت بەخۆیان هەیە بۆ پاراستنی کەنار ئاویەکان.

٣,٤ یەکەکارگێریەکان:

بەگوێرەی یاسای ژمارە (١٥٩) بۆ سالی ١٩٦٩ کە یەکەکارگێریەکانی دابەشکردووە بۆ سێ بەش (پارێزگا ، قەزا ، ناحیە).) یاسای پارێزگاکان ژمارە (١٥٩) بۆ سالی ١٩٦٩). لەکاتێکدا دکتۆر طعمە الجرف پێناسەی یەکە کارگێرییەکان ئەکات بەوەی ' کە سنورێکی جغرافی دیاریکراوە کە کۆمەلە خەلکێک تیایدا ئەژین و کەسایەتی واتایی (معنوی) هەیە'،( د.طعمة الجزف: ١٩٧٤: ص٨٤). دکتۆر شاب تۆما منصور لە پێناسەکەی ئەلێت 'یەکەکارگێریەکانی هەرێمێک کەسایەتی واتایی یان هەیە (معنوی)'. ( شاب توما منصور: بغداد : ص ١٢٨). بەلام دکتۆر ماهر الجبوری پێناسەی یەکە کارگێریەکان ئەکات بەبەلگەی ئەوەی کە ممارەسەی کاری کارگێری ئەکەن لە هەرێمێکی دیایکراو دەلێت' کەسی واتایی (معنوی) گشتی یە هەرێمی یە کە ممارەسەی بەشێکی دیاریکراوی لەهەرێمی دەولەت ئەکات'. ( ماهر صالح الجبوری : ١٩٩٧: ص٥٧).

٣,٥ بەشە کشتوکالیەکان:

بەشە کشتوکالییەکان چەندین هۆبەو یەکەی جیاجیان، بەرێوەبەرایەتی کشتوکاڵ لەم بەشانە پێک دێت لە(زەوی و زار، ڕێنمای کشتوکاڵ،کارگێری،پاراستنی رووەک ، بەشی ئاژەڵ داری ، کۆگا،بەشی ئامێری کشتوکاڵ ، بەشی رووپێوی ،بەشی پلان دانان ،بەشی بەرەوبوومی کێلکە ).بۆ کارەکان لەلایەن بەرێوەبەری ناحیەو قەزاکان و پارێزگا ڕێگا پێدان دەدرێت. جگە لە بەرێوەبەرایەتی گەشتیاری و فەرمانگەی شوێنەواروبەرێوەبەری بەنداوەکان و هۆبەی کشتوکال و وەزارەتی کشتوکاڵ کە هەریەکیان بەرپرسە لە رێگە پێدان هەریەکیان تایبەتن بەکارێکی جیاواز لە ژێر یاساو ڕێنمایەکان، لە هەرێمی کوردستان وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو تایبەتە بە ڕێگاپێدانی بۆ کێلگەی پەلەوەر و حەوزی ماسی بەگوێرەی ماددەی(5)ی برگەی (21) لە یاسای کشتوکالی و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی 2010، تایبەت بەدەرکردنی ڕێنمایی دروست کردنی حەوزی ماسی یان کێلگەی پەلەوەر ).یاسای کشتوکالی و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی سالی 2010).

ڕێنمای پێدانی ڕەزامەندی بریتی یە لە:

1ـ پێشکەشکردنی داواکاری لەلایەن هاولاتیانەوە لە ڕێگای لقی کشتوکالی ناوچەکەوە کەسەر بەم پارێزگایەیە کە داواکاری ڕەزامەندیەکەی تێدا پێشکەشکراوە.

2ـ پێشکەشکردنی گرێبەستی زەویەکە یان تاپۆی زەویەکە ئەگەر خاوەن موولک بوو.

3ـ پێشکەشکردنی کۆنووسی سەرەتایی و هێلکاری پارچە زەویەکەو هاوپێچ کردنی گشت مامەلەکانی کە لەسەر دیاریکرابێت کە پێک دێت لە چوار ئەندام کۆنووسەکە.

4ـ پرکردنەوەی بەلێننامەیەک لە بەشی یاسایی بەرێوەبەرایەتی گشتی کشتوکال لە پارێزگای داواکار بۆ هەر جۆرە کارێک یەکێک لەم بەشانە ڕێگا پێدان ئەدەن کەئاماژەمان پێکردون). چاوپێکەوتن ئەنجامدرا لەگەل بەرێز (بارزان احمد صادق) بەرپرسی رووپێو لە بەرێوەبەراتی کشوکاڵ تەق تەق، ڕۆژی ( دووشەممە) ڕێکەوتی (٢٠٢١/٧/١١)، کاتژمێر (١١) سەرلەبەیانی.

3.6 ڕۆلی بەشە گەشت و گوزارییەکان:

بەشە گەشت و گوزاریەکان لەهەموو ناحیەو قەزای کۆیە هەیە بۆ رایکردنی کاری هاولاتیان و گەشتیاران و خاوەن شوێنە گەشتیاریەکان ئەمەش بەهۆی ئاسانکاری بۆیان پشت بەستن بە ڕێنمای تایبەت کە لەحکومەتی هەرێم دەرئەجێت و چۆنیەتی گرتنەبەری ڕێکارەکان کە تایبەتە بە بەرێوەبەرایەتیە گەشتیاریەکان و چاودێری کردنیان و پێدانی زانیاری لەم بوارەوە .

٤. بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان و ڕێکارە یاساییەکانی بەکارهێنەرانی کەنار ئاویەکان

بۆبەکارهێنانی کەنار ئاویەکان پێویستە ئاماژە بە شوێنە گەشتیاری و هاوینەهەوارو حەوزی ماسی بکەین، کەبۆ هەریەکیان ڕێکاری تایبەت بەخۆی هەیە کە بە یاساکانی هەریەک لە یاسای بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان ژمارە (٥٩) بۆ سالی (١٩٨٧)، یاسای چاکسازی کشتوکالی ژمارە (٩٠) بۆ سالی ١٩٧٥، بریاری ژمارە (٢٢٢)بارودۆخی راستەقینە، ڕێنمای ژمارە (٣) سالی ١٩٩٠ )ئاماژەیان پێداوە.

لەسەر ئەم بنەمایە ئەم تەوەرە دابەش ئەکەین بۆ دوو لق، لقی یەکەمان تایبەتکردوە بە پێداویستیە یاساییەکان بۆ بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان، لقی دووەمان تایبەتکردوە بە پاشماوە یاساییەکان لە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان.

1.4. لقی یەکەم: پێداویستیە یاساییەکان بۆ بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان:

1.1.4 یەکەم: مەرجە گشتی یەکان: بۆ هەر بەکارهێنەرێکی کەنار ئاویەکان چەند مەرجێکی هەیە پێویستە جێبەجێبکرێت کە مەرجەکانیش بریتین لە:

١- هە بوونی مەرجە کانی بنیادنان :

لە عێراق پێویستە بۆ دروستکردنی بیناو هەرجۆرە بنیاد نانێک پێویستە مۆلەتی لایەنی تایبەتمەند وەرگیرێت بە گوێرەی ماددەی (٦٣) پالپشت بەیاسای ژمارە (١٦٥) بۆ سالی ١٩٦٤، ماددەی (٣٧) لەسیستەمی ڕێگاوبان ژمارە (٤٤) بۆ سالی ١٩٣٥، نابێت هیچ بنیات نانێک بکرێت پێش ئەوەی ڕێکارەکان بگیرێتەبەر لە لایەن شارەوانی .( قانون ادارة البلديات رقم (١٦٥) لسنة (١٩٦٤).

2.4 مەرجە تایبەتیەکان :

١- مۆلەت و میکانزمی مۆلەتی بەکارهێانی کەنار ئاویەکان:

کە ڕێگا پێدان ئامرازێکی کارگێریە بۆ بەکارهێنەرەکە وەئەگەری لەدەست دانی هەیە لە هەرکاتێک بێت، زۆربەی یاساکان تێبینیان هەیە بۆ بەکارهێنانی کەنارئاویەکان،بۆیە تەنها دوای مۆلەت پێدانی پێویست ئەبێت.

بە گوێرەی ماددەی (٣) لە یاسای بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان ژمارە (٥٩) بۆ سالی ١٩٨٧، دەقی ماددەکە ئەلێت' ناکرێت ئەم زەویانە بەکار بهێندرێت کە یاساکە ئەیانگرێتەوەبریتی یە لە کشتوکال ، داچاندن ، بنیات نان، تەنها بە پێدانی مۆلەتی

وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو هەرێم ئەبێت'. (یاسای بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان ژمارە (٥٩) بۆ سالی(١٩٨٧).

بەلام بۆ میکانزمی بەدەستهێنانی مۆلەتی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لایەنی هونەریە نەک لایەنە یاساییەکەی، سەرەتا ئەبێت مۆلەت پێدانەکە لە وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم رەزامەند بێت لەسەر مۆلەتەکە، پاشان رەزامەندی وەزارەتی گەشت و گوزارو شوێنەوار و ژینگەی ئەوێت، بەنیسبەت وەزارەتی کشتوکال کە تایبەتە بە لایەنە هونەریەکەی، ئەم کارە تایبەتە بەم بەرێوەبەراتیەی تایبەتە بەم ناوچەی کە تایبەتە بەکەنارئاویەکە، لەم بەرێوەبەراتیەش تایبەتە بەبەشی زەوی و گرێیەستەکان. ) چاوپێکەوتنی کەسی لەگەل سەرۆکی بەشی کشتوکالی تەق تەق لەگەل بەرێز (خێرالله عبدالله فتح الله)، لە بەشی کشتوکالی تەق تەق، رۆژی( یەک شەممە) رێکەوتی (٢٠٢١/٨/٨)، کاتژمێر (١٠) سەرلەبەیانی.

کەنارئاویەکان خاوەندارییان دەگەرێتەوە بۆ وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم پاش وەرگرتنی رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی کشتوکال پێویستە رەزامەندی لێژنەی هاوبەش وەرگرێت کە لێژنەکە بۆ دیاریکردنی شوێنەکەیە کە نەک لە شوێنێکی قەدەغە کراو بێت. دەبێت لێکۆلینەوەی تەواو کرابێت لەسەر شوێنەکەو پرۆژەکە. پاشان رەزامەندی بەرێوەبەرایەتی گەشت و گوزار و شوێنەوارو ژینگە بەدەست بهێنێت.( یاسای بەکارهێنانی کەنارئاویەکان ژمارە (٥٩) بۆ سالی ١٩٨٧).

٢- رێکخستن و دورخستنەوەی شوێنەکە :

هەندێ لە یاساکان بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان بە مولکی گشتی دادەنێن، رێگانادەن بەکاربهێندرێت تەنها لە رێگای گرێیەستەکانی سەرپشکی (عقود امتیاز) نەبێت. یاسای عێراقی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکانی ژمارە (٥٩) بۆ سالی(١٩٨٧)،پێش هەموارکردن لە ماددەی (٤) دەقی دابوو لەسەر ئەوەی ناکرێ ئەو زەویانەی دیاری کراوە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەو یاسایە بەکارهێندرێت تەنها بەگوێرەی بەکارهێنانە دیاریکراوەکان دەبێت تیایدا. هەروەک زەویەکانی دابەش دەکرد بۆ دوو جۆر یەکەم: ئەم زەویانەی دەکەوێتە پشتی بەنداوە سیستەمیاکان.

دووەم: یان کەندەلانی تایبەت بە مەبەستەکان جیاوازە لە مەبەستی تایبەت بەکەنارئاویەکان کە دەکەوێتە پێش بەنداوە سیستەمیەکان یان کەندەلان بە گوێرەی بارودۆخ. (یاسای بەکارهێنانی کەنار ئاویەکانی ژمارە (٥٩) بۆ سالی١٩٨٧).

لەکاتێک ئەم یاسایە پێش هەموار کردنی ماددەی (٤) ڕوبەرێکی زۆری بەجێ ئەهێشت لەزەوی ئەم زەویانەی ئەکەوێتە پشتی بەنداوە سیستەمیاکان. یان کەندەلانی تایبەت بە مەبەستەکان جیاوازە لە مەبەستی تایبەت بەکەنارەئاویەکان کە دەکەوێتە پێش بەنداوە سیستەمیەکان یان کەندەلان بە گوێرەی بارودۆخ، لە مەترسی لافاو بەبێ هۆکار کە تەنها ترس بوو لە لافاو.

بەگوێرەی ئەم هەموارەی لە ماددەی (٤) کراوە بە رێنمای ژمارە (٣) بۆ سالی (١٩٩٠) : یەکەم : دەکرێت بکرێتە بێستان و پرۆژەو هەتا دوای لە رۆخی روبارەکان بەرامبەر بەنداوەکان یان لە پشتیان بەمەرجێک کاریگەری پیس بوونی لەسەر کەنارئاویەکان نەبێت .) رێنمای ژمارە( ٣) بۆ سالی١٩٩٠ بۆ ئاسانکاری لەیاسای بەکارهێنانی کەنارئاویەکان).

5 - پاشماوە یاساییەکان لە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان :

بەکارهێنانی کەنارئاویەکان کاریگەری پاشماوەی یاسایي لێدەکەوێتەوە کە پەیوەستە بە ماف و ئەرک لەسەربنیادنانی ئەم کارە لەم روانگەوە هەڵسانە بە جیاوازی کردنی ئەم پاشماوەیە لەئەنجامی پەیوەندی کەسێتی هەریەک بە بەسنوری خۆی لەسەر بنەمای ئەم جیاوازیە بە دووخال ئەم لقە دەخەینە ڕوو یەکەم ئەرکی پابەندبوونی بەکارهێنەری کەنارئاویەکان. دووەم مافی بەکارهێنەری کەنارئاویەکان.) چاوپێکەوتن ئەنجامدرا لەگەل بەرێز ( یەکێتی واحد صمد) سەرۆکی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، لە فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، رۆژی(دووشەممە) رێکەوتی (٢٠٢١/٨/٢)، کاتژمێر (١٠:٣٠) سەرلەبەیانی.

1.5 یەکەم : ئەرکی (پابەندبوونی ) بەکارهێنەری کەنارئاویەکان.

2.5 ئەرکی بەکارهێنەری کەنارئاویەکان :

بەکارهێنەری کەنارئاویەکان پابەند ئەبێت بە چەند ئەرکێک لەئەنجامی پەیوەندی کەسەکان وەک ئەنجامدانی گرێیەست کە لەنێوان بەکارهێنەرەکانی کەنارئاویەکان بەمەبەستی بەکاربردن و هەندێک بەمەبەستی کارکردن لەزەوی تاتبەت بەکەنارئاویەکان بۆیە ئەم پابەند بوونە ئەکەینە دووبەش یەکەم: ئەم پابەند بوونەی لەئەنجامی پەیوەندی کەسی درووست ئەبێت.دووەم: ئەم پابەندبوونەی لە ئەنجامی کاری بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان دروست ئەبێت).) چاوپێکەوتن ئەنجامدرا لەگەل بەرێز ( یەکێتی واحد صمد) سەرۆکی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، لە فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، رۆژی(دووشەممە) رێکەوتی (٢٠٢١/٨/٢)، کاتژمێر (١٠:٣٠) سەرلەبەیانی).

یەکەم : ئەم پابەند بوونەی لەئەنجامی پەیوەندی کەسی درووست ئەبێت.

بەکارهێنەری کەنار ئاویەکان پابەندە بە م کۆت و بەندانەی لەسەر چالاکیەکانی دانراوە بۆ بەرژەوەندی تایبەت بریاری لەسەر دراوە، ئەمەش بۆ هاوسەنگی لە نێوان بەرژەوەندی تایبەت و بەرژەوەندی پێچەوانە کە بنەمای ئەم کۆتەش لە ماددەی (١٠٤٨)لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) بۆ سالی (١٩٥١).دەقی ماددەکە دەلێت، مولکی تەواو خاوەنەکەی مافی هەڵسوکەوتی ڕەهای هەیە لەوەی کە خاوەندارێتی دەکات بۆخۆی و سودی بەکارهێنانی وە بەهەموو شێوەیەکی گونجاو ، هەرچەندە خاوەن مولک دەسەلاتی فراوانی پێ بەخشراوە لەسەر مولکەکەی دەبێت، یاسا دانەر لەکۆتایي ماددەکە ئەو ڕەهایەی کۆت کردوە وای لێکردوە لە سنوری هەڵسووکەوتی رێگەپێدراوە.( یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) بۆ سالی ١٩٥١). لەماددەی (١٠٥١)،برگەی (١) لەیاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) بۆ سالی ١٩٥١. هاتووە بە دانانی پابەندی لەسەرئەستۆی ئەو کەسانەی کە نموونەی هەڵنەستانیان بە هەڵسووکەوتی زیان گەیاندن بە دەوروبەری (دراوسێ ) ئەم پابەندبوونە تایبەتە بە دراوسێ سنوردار ناکرێت، هەموو کەسێک ئەگرێتەوە کە خاوەن مولک بێت یان بابەتی خاوەنداری لەهەڵسووکەوتی زەوی دەچێتە چوار چێوەی زیانی گەورەو دیار، بەکرێ گرتە بێت یان بەخاوەنی سەرزەویانە بێت و بەکارهێنەریان هەریەکێکی تربێت ).یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) بۆ سالی ١٩٥١).

بیرۆکەی دراوسێ فراوانە و دیاری ناکرێت بە بنیات نان و پێوەڵکانی زەوی بەکارهاتوو نەبەکەسی سروشتی کە دراوسێ بێت. دراوسێ واتە شوێنێکی نزیک پێکهاتەی ژینگە سێ رەگەزە 'ئاو، هەوا، خاک زەوی' ، کە زیاند بەیەکێک لەمانە گەیاند واتە زیاند بە دراوسێ گەیاندووە وەبەکارهێنەری کەنارئاویەکان بۆیان نیە زیان بە ژینگە بگەیەنن. (جلال وفاء محمدين: ٢٠٠١:ص٩١ ).

پێناسەی ژینگەدەورە دراوە بە هەموو رەگەزەکانی کە زیندەوەرە زیندووەکانی تێدا دەژی وە کاریگەریەکانی پەیدا دەبن لە ئەنجامی چالاکیەکانی ئابوری کۆمەلایەتی رۆشنبیری مرۆڤ، لە یاسای پاراستن و باشترکردنی ژینگە ژمارە ٢٧ بۆسالی ٢٠٠٩دەلێت: نابێت بەکارهێنەری کەنار ئاویەکان شێوازی وابگرێتە بەر زەرەر بە

ژینگه بگەیەنێ وەک ڕژانی ماددەی پیس بۆ ناو ئاو یان دامەزراندنی پرۆژەی وا کە ماددەی وای لێ دەرچێت کە ژینگە پیس بکات بێ ئەوەی چارەسەری دانابێت. )قانون حماية وتحسين البيئة رقم ٢٧لسنة ٢٠٠٩).

دوو بەرژەوەندی دژ یەک تێبینی دەکرێت بۆیە پێویستە هاوسەنگیان لە نێوان بکرێت بەرژەوەندی یەکەم بریتی ئە بێت لە زیان نە گەیاندن بە ژینگە، لە هەمان کات بەرژەوەندی یەکی تری هەیە لە کە پێویست دەکات لە بەکارهێنانی کەنارئاویەکانی نابێت زیان بەدەوروبەری بگەیەنێت بە زیانی گەورەو دیار ( سعيد السيد قنديل:٢٠٠٤: ص١٧). بەگوێرەی ماددەی (٧) لەیاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) بۆ سالی (١٩٥١) نابێت کەخاوەندار هەڵس وکەوت بە موڵکەکەی بکات کەهەڵس و کەوتێکی زیان بەخش بێت بۆدەوروبەری، وە زیانی گەورەودیار لا ئەبرێت کۆن بێت یان نوێ وە بنجینەی ئەم پرسیارەش ئەوەیە پابەند بوونی یاسای گشتی یە کە پێ دەوترێت پابەند بوونی دەوروبەری قەدەغە کراو کە قەدەغەی بەکارهێنەر ئەکات لە زیان گەیاندن بە دەوروبەر پشت بەستن بە بیرۆکەی بەلاداربردن لە بەکار هێنانی ماف لە ماددەی (٧) لە یاسای شارستانی عێراقی روونکراوەتەوە ئەگەر بەکارهێنەر لە دەست بەکاربوونی چالاکیەکانی زیان بە ژینگە بگەیەنێ ئەوە گەرانەوە بە بنجینە گشتیەکانی یاسا دەکرێت کە لە ماددەی (٧) دەڵێت "١-هەرکەسێک بەشێوەیەکی نادروست مافی خۆی بەکاربهێنێت بەرپرسیاردەبێت.٢- لەم بارودۆخانەی خوارەوە بەبەکارهێنانی نادروست دائەندرێت.

ا- ئەگەر مەبەستی لەو بەکارهێنانە تەنها زیان گەیاندن بێت بەکەسێکی تر.

ب- ئەگەر ئەو بەرژەوەندییانەی ئەو بەکارهێنانە ئامانجییەتی بیانهێنێتەدی گرینگیان کەمبێت بەجۆرێک بەشێوەیەکی گشتی نەگونجێت لەگەڵ ئەو زیانەی بەهۆی ئەو بەکارهێنانە روویداوە.

ج- ئەگەر ئەو بەرژەوەندییانەی ئەو بەکارهێنانە دەیەوێت بیانهێنێتەدی بەرژەوەندی نارەوابن".( یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) بۆ سالی ١٩٥١) .

٣,5. ئەم پابەندبوونەی لە ئەنجامی کاری بەکارهێنانی کەنارئاویەکان دروست ئەبێت.

پێویستە کەسی بەکارهێنەری کەنارئاویەکان کە رێگای پێدراوە بۆ بەکارهێنانی کەنارئاویەکان سوود بە بەرژەوەندی گشتی بگەیەنێ کە کۆت لەسەر چۆنیەتی چالاکیەکانی دائەندرێت وەلە ئەگەری نەبوونی سوودی گشتی ئەوا ئەم رێگە پێدانەیان هەڵئەوەشێتەوە کە ئەم کۆتانەش بریتی یە لە دوو لایەن "یەکەم: پیس نەکردنی رووبارەکان دووەم: نەبوونی کاریگەری لەسەر رێرەوی ئاوەکان ". ( سليمان مرقس: ١٩٨٨:ص٣٧٣).

4.5 کۆت و بەندەکان :

یەکەم: پیس نەکردنی رووبارەکان .

ئەم پابەندە بوونە پابەندبوونێکی نەرێنیە واتە هەڵنەستان بە ئەنجامدانی کارێک یاسادانەری عێراقی لە رۆشنای رێنماییەکان ئاسانکاری جێبەجێکردنی یاسای بەکارهێنانی کەنارئاویەکان ژمارە (٥٩)بۆ سالی (١٩٨٧) رێگری کردووە لەبەکارهێنانی ئەم زەویانە لە ماددەی (٤) دەڵێت: ناکرێ ئەو زەویانەی دیاری کراوە بە گوێرەی حوکمەکانی ئەو یاسایە بەکاربهێندرێت تەنها بەگوێرەی بەکارهێنانە دیاریکراوەکان دەبێت. هەروەک زەویەکانی دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر یەکەم: ئەم زەویانەی دەکەوێتە پشتی بەنداوە سیستەمیەکان.) یاسای بەکارهێنانی کەنارئاویەکان ژمارە (٥٩)بۆ سالی (١٩٨٧). لە ماددەی (١٤) برگەی (٣) لە یاسای پاراستن و ژینگەی عێراقی ژمارە ٢١ بۆ سالی ٢٠٠٩ دەڵێت: وەرگرتن و بەستانەوەو خەرجکردن و تێکەلاوکردنی ئاوە پیسبووەکان لەگەڵ ئاوی باران دەست بەسەرداگرتنی تەواوی ئەم زەویانە لەژێردەستی دەوڵەت دەبێت. (قانون حماية وتحسين البيئة العراق رقم (٢١) لسنة ٢٠٠٩).

٥,5 دووەم: نەبوونی کاریگەری لەسەر رووبارەکان .

بەکارهێنەری کەنار ئاویەکان پابەندن لەسەرەتاوە تاکۆتایی لەپاراستنی رێرەوە ئاویەکان ئەمەش بەهۆی ئەم لافاوەی لە نیوەی سەدەی رابردوو دروست بوو لەعێراق بۆیە دەبێت ئاوەرۆکان پاک بکرێنەوە تاکوو نەبێتە بەربەست، یاسا دانەری عێراقی کە پێویستی کردووە ئەم دوو کۆتە جێبەجێ بکرێت، لەسەروی جێبەجێ کردنەوە کە یاسای بەکارهێنانی کەنارئاویەکان لە عێراق چونکە کەنار ئاویەکانی پێناسە کردووە ئاماژەی کردووە لە ماددەی (١) برگەی (١٠) دەڵێت، کەنار ئاویەکان زەویەکی دیارە دەکەوێتە ناو سنوری روبار، زێ ئەو روبەرەیە دەکەوێتە نێوان ئاو زەوی گشتی یەکان لە ژێر دەسەلاتی دەولەت دایە .لە برگەی (١٢) ئەم زەویانەی کە قەدەغەیە دەکەوێتە ژێر بریارەکانی وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم. ( یاسای ژمارە (٥٩) بۆ سالی (١٩٨٧). بەرێنمای ئاسانکاری جێبەجێکردن کەدەرچووە رێگری کرد لە جێبەجێکردنی کەنار ئاویەکان بە هۆی دروست بوونی ناکۆکی لە نێوان ئەم دوودەقە، بۆیە وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاوی هەرێم تایبەتە بە رێگە پێدان و رێگاگرتن لەم زەویانەی کە قەدەغەیە .

6 مافی بەکارهێنەری کەنارئاویەکان.

١,6 یەکەم : دروست بوونی مافی بەکارهێنەرەکان لە ئەنجامی گرێبەستەوە.

ماف دەستەبەر ئەبێت بۆ بەکارهێنەرەکانی لە ئەنجامی پەیوەندی گرێبەستەوە، کاری بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان واتە هەڵسانە بەکاری پێویستی سوود وەرگرتن لەو زەویان لە ماوەی دروستکردنی پرۆژەکان بۆ ئەوەی خاوەنەکانیان سوودی دارایی بەدەست بهێنن بۆ داهاتوو.

کەنارئاویەکان بۆئەوەی سوودی هەبێت پێویستە بەشێوەیەک بێت بەکارهێنەرەکان بتوانن سوودی لێ وەرگرن نابێت دەست درێژی بکرێتە سەر زاویەکە لەسەرەتاوە تاکۆتایی چالاکیەکانی کە لە کەنار ئاویەکان دەست پێ ئەکات. ئەم دەستدرێژییە کاریگەری ئەبێت لەسەر سوودی زەویەکە، کە ئەمەش ئەگەرێتەوە بۆ مافی پەیوەندی مافی دیاریکراو وەک مافی (مافی کەسێتی، مافی خاوەندارێتی، هەڵس وکەوت و سەرزەویانە، یان ئەگەرێتەوە بۆ مافی کەسی کە پەیوەستە بە کرێ گرتەو کاری نارەوا وە ئەوەی پەیوەستە بە گرێبەستی بەکرێدان رێسا گشتیەکان ئەیگرێتەوە (د.عبدالرزاق احمد السنهوري، عقد الايجار:ص٢٩٣). هەروەها دەبێت پارێزگاری لە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان بکرێت لە رکابەری نارەوا وەنابێت کەسی سێیەم هەڵسێ بەبەکارهێنانی رێگاو وئامرازی زیان گەیاندن بەکەسێکی تر کەلەماددەکانی تر باسی نەکرابێت قەرەبوو ئەکرێتەوە بە گوێرەی ماددەی (٢٠٤) لە یاسای شارستانی عێراقی( د.عدنان باقي لطيف،٢٠١٢: ص٧٩).

2.6 دووەم : مافی بەکارهێنەر بۆ بەدەست هێنانی رێگە پێدان

ئەگەر هاتوو داواکاری بەکار هێنانی کەنار ئاویەکان هەموو رێکارەکانی داواکردنی جێبەجێ کرد ئەوە مافی پێدانی رێگەپێدانی هەیە.

7 . توێژینەوە مەیدانیەکە:

سامپلی توێژینەوەکە مان بریتی بوو لە( ١٣٠) کەس ئەوانیش دابەش بوون بەسەر خاوەن پرۆژەکان کە ژمارەیان (٧٠)، بەرپرسەکارگێرییەکان کە ژمارەیان (٩)، هاولاتیان و کاسب و قوتابیان و فەرمانبەران و مامۆستایان و کابانی مال کە ژمارەیان (٥١).

خشته (1) خشتەی دووبارەبووەوە بۆ پرسیارە تایبەتەکانی توێژینەوە

| | | دووبارەبووەوە | ڕێژە (%) |
|---|---|---|---|
| ڕەگەز | نێر | 97 | 78.2% |
| | مێ | 27 | 21.8% |
| تەمەن | 20-30 | 10 | 8.1% |
| | 31-40 | 32 | 25.8% |
| | 41-50 | 57 | 46.0% |
| | سەروی 50 | 25 | 20.2% |
| بڕوانامە | ئامادەیی | 46 | 37.1% |
| | دبلۆم | 37 | 29.8% |
| | بەکالۆریۆس | 31 | 25.0% |
| | ماستەر | 9 | 7.3% |
| | دکتۆرا | 1 | 0.8% |
| بەشی زانستی | کارگێری | 20 | 16.1% |
| | پزیشکی | 12 | 9.7% |
| | تەکنەلۆجی | 36 | 29.0% |
| | مرۆ/ایەتی | 56 | 45.2% |
| ساڵانی خزمەت | 1-5 | 25 | 20.2% |
| | 6-10 | 31 | 25.0% |
| | 11-15 | 43 | 34.7% |
| | 15 ساڵ زیاتر | 25 | 20.2% |

خشتەی ژمارە 1 بریتییە لە خشتەی دووبارەبووەوە بۆ پرسیارە تایبەتەکانی توێژینەوە، ڕێژەی بەشداربووانی نێر (78.2%) زیاترن لە ڕێژەی بەشداربوانی مێ (21.8%) کە بەرپرسن لە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لە هەمان کاتدا زۆربەیان تەمەنیان لەنێوان 41 بۆ 50 ساڵدایە (46%). ڕێژەی هەڵگرانی ئامادەی (37.1%) بەرزترین ڕێژەی بەشداربوونیان هەیە لەراپرسییەکە پاشان دبلۆم و(29.8%) بەکالۆریۆس و (25%) ماستەرو (7.3%) دکتۆرا (0.8%) دێت. زۆربەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە سەبارەت بەبەکارهێنانی کەنارئاوییەکان لە بەشی مرۆڤایەتی کاردەکەن (45.2%) وە زۆرترین سالانی خزمەتیان لە نێوان 11 بۆ 15 ساڵ دایە (34.7%).

خشته (2) خشتەی دووبارەبووەوە و ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاوییەکان

| | زۆر خراپ | | خراپ | | پەسەند | | باش | | زۆر باش | | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | دووباره | ڕێژە (%) | دووباره | ڕێژە (%) | دووباره | ڕێژە (%) | دووباره | ڕێژە (%) | دووباره | ڕێژە (%) | | |
| پ1 | 60 | 48.4% | 56 | 45.2% | 4 | 3.2% | 4 | 3.2% | 0 | 0.0% | 1.613 | 0.707 |
| پ2 | 15 | 12.1% | 55 | 44.4% | 44 | 35.5% | 10 | 8.1% | 0 | 0.0% | 2.395 | 0.805 |
| پ3 | 41 | 33.1% | 68 | 54.8% | 13 | 10.5% | 1 | 0.8% | 1 | 0.8% | 1.815 | 0.714 |
| پ4 | 47 | 37.9% | 70 | 56.5% | 5 | 4.0% | 2 | 1.6% | 0 | 0.0% | 1.694 | 0.627 |
| پ5 | 24 | 19.4% | 50 | 40.3% | 39 | 31.5% | 11 | 8.9% | 0 | 0.0% | 2.298 | 0.883 |
| پ6 | 44 | 35.5% | 42 | 33.9% | 32 | 25.8% | 6 | 4.8% | 0 | 0.0% | 2.000 | 0.902 |
| پ7 | 33 | 26.6% | 51 | 41.1% | 28 | 22.6% | 11 | 8.9% | 1 | 0.8% | 2.161 | 0.949 |
| پ8 | 54 | 43.5% | 56 | 45.2% | 11 | 8.9% | 3 | 2.4% | 0 | 0.0% | 1.702 | 0.732 |
| پ9 | 55 | 44.4% | 65 | 52.4% | 2 | 1.6% | 2 | 1.6% | 0 | 0.0% | 1.605 | 0.609 |
| پ10 | 39 | 31.5% | 38 | 30.6% | 23 | 18.5% | 21 | 16.9% | 3 | 2.4% | 2.282 | 1.152 |
| پ11 | 53 | 42.7% | 58 | 46.8% | 8 | 6.5% | 5 | 4.0% | 0 | 0.0% | 1.718 | 0.760 |
| پ12 | 68 | 54.8% | 41 | 33.1% | 8 | 6.5% | 7 | 5.6% | 0 | 0.0% | 1.629 | 0.841 |
| پ13 | 54 | 43.5% | 57 | 46.0% | 8 | 6.5% | 3 | 2.4% | 2 | 1.6% | 1.726 | 0.820 |

| | | |
|---|---|---|
| کۆی گشتی | 1.895 | 0.432 |

خشتەی ژمارە 2 بریتییە لە خشتەی دووبارەبووەوە و ناوەندە ژمێری و لادانی پێوەری بۆ پرسیارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان، زۆربەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە دەڵێن کە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان بەشێوەی ئەندازیەکی زۆرخراپ بەکارهاتووە (48.4%) وە لە ئاستێکی خراپ دایە بۆ خزمەتی هاولاتیان (44.4%) وەهەروەها زۆربەی بەشداربووان هاوران کە بەکارهێنانی کەنارئاویەکان بەنایاسای (خراپ) ڕێگایان پێدراوە (54.8%) لەو کاتەی کە ڕێژەی (56.5%) دەڵێن بەگوێرەی یاسا بەکارنەهاتوون.

ڕێژەی زۆری بەشداربووان دەڵێن کە دابینکردنی خزمەتگوزاری لە شوێنە گەشتیاریەکان لە ئاستێکی خراپ دایە (40.3%) وەهەروەها ئاستی زانستی فەرمانبەران لە دام و دەزگاتایبەتمەندەکان سەبارەت بە ڕایکردنی کارە یاساییەکان لەبەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لە ئاستێکی زۆرخراپ دایە (35.5%) وە شارەزایی فەرمانبەران لەدام و دەزگا تایبەتمەندەکان سەبارەت بە دەقە یاساییەکان لە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لە خراپترین ئاست دایە (41.1%).

ڕێژەی زۆری بەشداربووان دەڵێن کە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان بە شێوەیەکی گشتی سوودی بە حکومەت نەگەیاندوە وەک سەرچاوەیەکی گرینگی داهات (45.2%) وە دەڵێن کە ژمارەی پێویستی کارمەند نییە بۆ خزمەتکردنی گەشتیاران لە شوێنە گەشتیارییەکان (52.4%) ڕێژەیەکی کەم لە بەشداربووان شارەزاییان هەیە لە دەقە یاساییەکان لە بەکارهێنانی کەنارئاویەکان (16.9%) وە ڕێژەی زۆریان دەڵێت کە ڕایکردنی کاروباری داواکارانی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان کاریگەری خراپ بووە بە بەراورد لەگەل یاساکانی تایبەت بەم بوارە (46.8%) وەهەروەها دام و دەزگا پەیوەندەدارەکان لە بەکارهێنانی کەنار ئاوییەکان بە ڕادەیەکی زۆر کەم ڕێکاری یاساییان لە دژ ئەنجامدانی پرۆژەکان بەگوێرەی یاسا گرتۆتەبەر (5.6%) لەهەمان کاتدا دام ودەزگا پەیوەندەدارەکان بە ڕادەیەکی زۆرکەم ڕێنمایی و زانیارییان گەیاندوە (2.4%).

وەهەروەها لەهەمان خشتەدا ناوەندە ژمێری ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە وەلامی هەموو پرسیارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاوییەکان لە ئاستێکی خراپ دان چونکە ئەنجامی ناوەندەژمێریەکەیان نزیکە لە 2.

خشتەی (3) ئەنجامی تاقی کردنەوەی One Sample T-Test بۆ دەرخستنی جیاوازی لە وەلامی بەشداربووان سەبارەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاوییەکان (نرخی تاقیکردنەوە = 3)


| | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (ت) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| پ1 | 124 | 1.613 | 0.707 | -21.858 | 0.001 | بەهادارە |
| پ2 | 124 | 2.395 | 0.805 | -8.370 | 0.001 | بەهادارە |
| پ3 | 124 | 1.815 | 0.714 | -18.485 | 0.001 | بەهادارە |
| پ4 | 124 | 1.694 | 0.627 | -23.203 | 0.001 | بەهادارە |
| پ5 | 124 | 2.298 | 0.883 | -8.845 | 0.001 | بەهادارە |
| پ6 | 124 | 2.000 | 0.902 | -12.350 | 0.001 | بەهادارە |
| پ7 | 124 | 2.161 | 0.949 | -9.841 | 0.001 | بەهادارە |
| پ8 | 124 | 1.702 | 0.732 | -19.744 | 0.001 | بەهادارە |
| پ9 | 124 | 1.605 | 0.609 | -25.505 | 0.001 | بەهادارە |
| پ10 | 124 | 2.282 | 1.152 | -6.940 | 0.001 | بەهادارە |
| پ11 | 124 | 1.718 | 0.760 | -18.778 | 0.001 | بەهادارە |
| پ12 | 124 | 1.629 | 0.841 | -18.159 | 0.001 | بەهادارە |
| پ13 | 124 | 1.726 | 0.820 | -17.306 | 0.001 | بەهادارە |
| کۆی گشتی | 124 | 1.895 | 0.432 | -28.452 | 0.001 | بەهادارە |

خشتەی 3 بریتی یە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەی One Sample T-Test بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان ناوەندە ژمێری و نرخی تاقیکردنەوە (نرخی گریمانەیی) (3) بۆ هەرپرسیارەک لە وەلامی بەشداربووان سەبارەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان، جیاوازییەکی ئاماری بەهادار هەیە بۆ هەریەک لە پرسیارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لەبەرئەوەی نرخی بەهای چاوەڕوانکراو (0.001) بچوکترە لە نرخی (α=0.05) بۆ هەموو پرسیارەکان. ئەنجامەکانی ئەو تاقیکردنەوە ئەوەدەگەیەنێت کە وەلامی بەشداربووان بۆ هەموو پرسیارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لە ئاستێکی خراپ دان لەبەرئەوەی نرخی ناوەندە ژمێری هەموو پرسیارەکان نزیکن لە 2.

خشتەی (4) ئەنجامی تاقی کردنەوەی One Way ANOVA لە نێوان بەشداربووانی توێژینەوە لەگەل کۆی گشتی وەلامی پرسیارەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکە (13 پرسیار)

| | ژمارەی بژاردە | ناوەندە ژمێری | لادانی پێوەری | بەهای (F) هەژمارکراو | بەهای چاوەڕوانکراو | بەڵگەی ئاماری |
|---|---|---|---|---|---|---|
| یەکە کارگێریەکان | 9 | 3.000 | 0.344 | | | |
| خاوەن پرۆژەکان | 64 | 1.784 | 0.293 | 65.283 | 0.001 | بەهادارە |
| هاولاتی | 51 | 1.840 | 0.307 | | | |
| کۆی گشتی | 124 | 1.895 | 0.432 | | | |

خشتەی 4 بریتییە لە ئەنجامی تاقی کردنەوەی One Way ANOVA لە نێوان سێ چینی جیاواز لە بەشداربووانی توێژینەوە لەگەل کۆی گشتی وەلامی پرسیارەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکە (13 پرسیار)، جیاوازییەکی ئاماری بەهادار هەیە بۆ لە نێوان سێ چینی جیاواز لە بەشداربووانی توێژینەوە لەگەل کۆی گشتی وەلامی پرسیارەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکە دەربارەی بەکارهێنانی کەنار ئاوییەکان لەبەرئەوەی نرخی بەهای چاوەڕوانکراو (0.001) بچوکترە لە ترخی (α=0.05). بۆ زانیاری زیاتر جیاوازی ناوەندە ژمێری بۆ هەر سێ چینی جیاواز لە بەشداربووانی توێژینەوە لە وێنەی (1) ڕوون کراوەتەوە کە یەکە کارگێریەکان بەرزترین ناوەندە ژمێری (3) هەیە پاشان هاولاتی (1.84) و خاوەن پرۆژەکان (1.78) دێت.




شێوەی (1) وێنەی بار چارت (Bar Chart) بۆ نیشاندانی ناوەندە ژمێری بۆ دەرخستنی جیاوازی نێوان بەشداربووانی توێژینەوە بۆ کۆی گشتی وەلامی پرسیارەکانی تایبەت بەتوێژینەوەکە (13 پرسیار)

خشتەی (5) تاقی کردنەوەی Tukey HSD بۆ دەرخستنی جیاوازی ناوەندەژمێری لەنێوان سێ چینی جیاواز لە بەشداربووانی توێژینەوە

| (I) Group | | جیاوازی ناوەندژمێری (I-J) | بەهای چاوەڕوانکراو |
|---|---|---|---|
| یەکە کارگێریەکان | خاوەن پرۆژەکان | 1.216* | 0.001 |
| یەکە کارگێریەکان | هاولاتی | 1.159* | 0.001 |

*. The mean difference is significant at the 0.05 level.

خشتەی 5 بریتیە لە تاقی کردنەوەی Tukey بۆ دەرخستنی جیاوازی ناوەندەژمێری لەنێوان سێ چینی جیاواز لە بەشداربووانی توێژینەوە، جیاوازییەکی بەهادار هەیە لە نێوان ناوەندەژمێری یەکە کارگێریەکان و خاوەن پرۆژەکان کە یەکسانە بە 1.216 لەبەرئەوەی ناوەندەژمێری یەکە کارگێریەکان زیاترە لە خاوەن پرۆژەکان. وەهەروەها جیاوازییەکی بەهادار هەیە لە نێوان ناوەندەژمێری یەکە کارگێریەکان و هاولاتی کە یەکسانە بە 1.159 لەبەرئەوەی ناوەندەژمێری یەکە کارگێریەکان زیاترە لە هاولاتیان. لە لایەکی تر لەم خشتەیە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە جیاوازی بەهادار نی یە لە ناوەندەژمێری نێوان خاوەن پرۆژەکان و هاولاتی.

## 8. کۆتایی:

ئەم توێژینەوەو رووپێویە مەیدانیە گەیاندینی بە چەند ئەنجامێک، کە گرینگترین و بەرچاوترینیان ئەمانەن:-

### 1,8 ا- ئەنجامەکان:

1- یاسادانەری عێراقی لەیاسای بەکارهێنانی کەنارئاویەکان ژمارە (٥٩) ی سالی (١٩٨٧) لە ماددەی (١) برگەی (١٠) پێناسەی کەنارئاویەکانی کردوە دەلێت: کەنارئاویەکان زەویەکە دەکەوێتە نێوان زێ وئەم رووبەرەی کە سیستەمی دەولەت بۆی دیاریکردوە.

٢- دەق مادەی (٦٣) لەیاسای کارگێری شارەوانیەکانی عێراق دەلێت: رێگانادرێت بەهیچ بنیادنانێک بکرێت پێش مۆلەت وەرگرتن .

٣- یاسای پشت پێ بەستراو بریتی یە لە یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) ی سالی (١٩٥١)ماددەی (١٠٥١)برگەی (١) کە ئاماژەی کردوە بەوەی کە خاوەن مولّک نابێت کارێک ئەنجام بدات بێتەمایەی زیان گەیاندن بەدەوروبەری بەزیانێکی گەورەو دیار.

٤- یاسای بەکارهێنانی کەنارئاویەکان لە ماددەی (٤) پێش هەموار کردنی روبەرێکی زۆری بەجێ ئەهێشت لەزەوی ئەم زەویانەی ئەکەوێتە پشتی بەنداوە سیستەمیەکان. بەلام پاش هەمواری ماددەی (٤)بە یاسای ژمارە (٧) بۆ سالی (١٩٩٠) کە بەگوێرەی ئەم هەموارە لە رێنمای ژمارە (٣) بۆ سالی (١٩٩٠)، لە ماددەی (٢) برگەی شەش : دەکرێت بکرێتە بێستان و پرۆژەو هەتا دوای لە رۆخی روبارەکان بەرامبەر بەنداوەکان یان لە پشتیان بەبێ وەرگرتنی رەزامەندی وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو.

٥- وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو لەهەرێم پالپشت بە لافاوەکەی سالی (١٩٨٨)، لە رێنمای ژمارە (٣) بۆسالی ١٩٩٠)، لە ماددەی (٢) برگەی (٣) هاتووە نابێت بنیادنان و داچاندن لە (١٥) مەتر کەمتر بێت لە هێلی قەدەغەکراو وەناکرێت زیادە رۆیی بکرێت بە دروستکردنی بیناو بێستان.

٦- یاسای پشت پێ بەستراو بۆ رێگاپێدانی کێلگەی پەلەوەری و حەوزی ماسی بریتی یە لە یاسای کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (٦) بۆ سالی (٢٠١٠)، بە گوێرەی ماددەی (٥) برگەی (٢١) .

٧- وەلامی بەشداربووان بۆ هەموو پرسیارەکانی تایبەت بە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لە ئاستێکی خراپ دان لەبەرئەوەی نرخی ناوەندە ژمێری هەموو پرسیارەکان نزیکن لە 2.

٨- رایکردنی کاروباری داواکارانی بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان کاریگەری خراپ بووە بە بەراورد لەگەل یاساکانی تایبەت بەم بوارە (46.8%).

٩- دام و دەزگا پەیوەندارەکان لە بەکارهێنانی کەنار ئاوییەکان بە رادەیەکی زۆر کەم رێکاری یاساییان لە دژ ئەنجامدانی پرۆژەکان بەگوێرەی یاسا گرتۆتەبەر (5.6%) لەهەمان کاتدا دام و دەزگا پەیوەندارەکان بە رادەیەکی زۆرکەم رێنمایی و زانیارییان گەیاندوە (2.4%).

١٠- زۆربەی بەشداربووانی راپرسییەکە دەلێن کە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان بەشێوەی ئەندازەیەکی زۆرخراپ بەکارهاتووە (48.4%) وە لە ئاستێکی خراپ دایە بۆ خزمەتی هاولاتیان (44.4%).

١١- زۆربەی بەشداربووان هاوران کە بەکارهێنانی کەنارئاویەکان بەنایاسای (خراپ) رێگایان پێدراوە (54.8%) لەو کاتەی کە رێژەی (56.5%) دەلێن بەگوێرەی یاسا بەکارنەهاتوون.

١٢- رێژەی زۆری بەشداربووان دەلێن کە دابینکردنی خزمەتگوزاری لە شوێنە گەشتیاریەکان لە ئاستێکی خراپ دایە (40.3%) وەهەروەها ئاستی زانستی فەرمانبەران لە دام و دەزگاتایبەتمەندەکان سەبارەت بە رایکردنی کارە یاساییەکان لەبەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لە ئاستێکی زۆرخراپ دایە (35.5%) وە شارەزایی

فەرمانبەران لەدام و دەزگا تایبەتمەندەکان سەبارەت بە دەقە یاساییەکان لە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان لە خراپترین ئاست دایە (41.1%).

١٣- ڕێژەی زۆری بەشداربووان دەڵێن کە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان بە شێوەیەکی گشتی سوودی بە حکومەت نەگەیاندوە وەک سەرچاوەیەکی گرینگی داهات (%45.2).

١٤- ڕێژەی زۆری بەشداربووان دەڵێن کە ژمارەی پێویستی کارمەند نییە بۆ خزمەتکردنی گەشتیاران لە شوێنە گەشتیارییەکان (52.4%).

١٥- ڕێژەی بەشداربووانی نێر (78.2%) زیاترن لە ڕێژەی بەشداربوانی مێ (21.8%) کە بەرپرسن لە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان.

١٦- زۆربەی بەشداربووانی ڕاپرسییەکە سەبارەت بەبەکارهێنانی کەنارئاوییەکان لە بەشی مرۆڤایەتی کاردەکەن (45.2%)، وە زۆرترین سالانی خزمەتیان لە نێوان 11 بۆ 15 ساڵ دایە (34.7%).

٢,٨ – پێشنیازەکان:

١. دەرکردنی یاسای بەکارهێنانی کەنارئاویەکان لە هەرێمی کوردستان. بەرەچاوکردنی ئەم خالانەی خوارەوە:-

آ- دیاریکردنی سروشتی بەکارهێنانی کەنارئاویەکان لەهەرێمی کوردستان.

ب- دیاریکردنی ماوەیەکی گونجاو کە لە 5 سال زیاتر نەبێت بۆ گرێبەستی سەرپشکی(عقد امتیاز) لەگەل ئەم هاولاتیانەی ئارەزوی بەکرێ گرتنی شوێنە گەشتیارییەکانیان هەیە کە مولکی گشتی یە.

ب- دیاریکردنی لێژنەیەکی چاودێری و پشکنین لەرووی هونەری و ئەندازەیی و کوالێتی کارکردن .

ت- ڕێگری بکرێت لە کۆمپانیاکان لە کارکردن تەنها دوای مۆلەت پێدان نەبێت بە پرۆژەکە .

ث - خاوەن پرۆژەکان پابەند بکرێن بە پێدانی ڕاپۆرتی وەرزی بە لایەنی پەیوەندیدار.

ج- خاوەن پرۆژەکان پابەند بکرێن بە بەکارهێنانی پێشکەوتوو ترین ئامێری تەکنۆلۆجیا لە پرۆژەکان.

ح- خاوەن پرۆژەکان پابەند بکرێن بە نۆژەنکردنەوەی پرۆژەکان بەتایبەتی پرۆژەگەشتیارییەکان .

خ- خاوەن پرۆژەکان پابەند بکرێن بە دابینکردنی مەرجەکانی تەندروستی و پاراستنی گەشتیاران بەتایبەتی لە پرۆژەگەشتیارییەکان کە سالانە گەشتیاری زۆر سەردانی ئەم پرۆژە گەشتیارییانە ئەکات .

د- حکومەتی هەرێم پابەندە کە هیچ مۆلەتێک نەدات تاکوو دلنیا نەبێت لەوەی کە ئەم شوێنە شوێنەوار نیە وە مۆلەت پێدانەکەی دەبێتە هۆی سوود گەیاندن بە حکومەتی هەرێم وەک سەرچاوەیەکی داهات.

ذ - خاوەن پرۆژە گەشتیارییەکان پابەند بکرێن بە دیاریکردنی نرخەکان بەرامبەر ئەم خزمەتەی پێشکەشی ئەکەن بە هاولاتیانی ئەکەن.

٢. پێویستە چاو بخشێندرێتەوە بە پرۆژەکان بەبەراورد لەگەل پرۆژەی ولاتانی دراوسێ و ولاتانی پێشکەوتوو.

٣. پێویستە چاو بخشێندرێتەوە بە پرۆژەکان کە تاکوو ئێستا مۆلەتیان وەرگرتووەو هیچ مەرجێکی ئەندازەیان تێدانییە.

4 .تەنها پشت نەبەسترێت بە کەسانی دانیشتووی ناوچەکە بۆ ئەنجامدانی پرۆژەکان پالپشتی کەرتی تایبەت بکرێت بۆ ئەنجامدانی ئەم جۆرە پرۆژەیە.

5. کاربکرێت لەسەر دروستکردنی کادیری شارەزا لەبواری بەرێوەبردنی پرۆژە گەشتیارییەکان ئەمەش لەرێگای سیمینارو خول و وۆرک شۆپ بۆ فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتیە گەشتیارییەکان.

6.گرینگی تەواو بدرێت بە پێدانی مۆلەت بە داواکارییەکان بۆ بەکارهێنانی کەنارئاویەکان رێکارەکانی مۆلەتدان بە شێوەیەک بێت کە پێش مۆلەت پێدان لێکۆلینەوە لە لایەنی ئەندازەیی و کوالێتی و شوێنەوارو گونجاوی بۆ مۆلەت دان و شیاوی پرۆژە بکرێت.

.7ڕێگری بکرێت لە بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان بەتایبەتی بۆ حەوزی ماسی و شوێنی گەشتیاری کە ڕێژەیەکی بەرچاو بەزیادەڕۆی ئەنجام دراوە لە قەزایی کۆیە.

سەرچاوەکان:

سەرچاوە کوردییەکان:

١- لقمان وسو عمر: بنەماکانی جوگرافیای گەشت و گوزار بە پراکتیزەکردن لە قەزای کۆیە، جاپی یەکەم، کۆیە ، سالی ٢٠٠٩، لاپەرە ٢٠١.

سەرچاوە عەرەبییەکان:

١- جلال وفاء محمدين، حماية القانونية للبيئة البحرية ، الاسكندرية ، دار الجامعة الجديدة ، ٢٠٠١، ص٩١ وما بعدها.

٢- حسن محمد محمد بودى، حرية المنافسة التجارية وضرورة حمايتها من المنافسات الاحتكارى، مصر ،مطابع شتان، ٢٠١١،ص ١٦ ص١٧.

٣- سعيد السيد قنديل ، اليات تعويض الاضرار البيئة ، دار الجامعة الجديد للنشر،٢٠٠٤،ص١٧.

٤- سليمان مرقس، الوافى فى شرح القانون المدنى ، فى الالتزامات ، المجلد الثانى ، القسم الاول ، مطبعة السلام ، الطبعة الخامسن ، السنة ١٩٨٨، ص ٣٧٣.

٥- شاب توما منصور: مبادئ القانون الاداری دراسة مقارنة ، بغداد، ص ١٢٨.

٦- طعمة الجرف : القانون الاداری دراسة مقارنة فى نظم ونشاط الادارة العامة : القاهرة مكتبة القاهرة : ١٩٧٤، ص٨٤.

٧- عبدالرزاق احمد السنهوری ، عقد الايجار ، دار الفكر، بدون مكان و سنة طبع، ص٢٩٣،وما بعدها.

٨- عدنان باقى لطيف، التنظيم القانونى المنافسة ومنع الممارسات الاحتكارية، الشارقة، دار الكتب القانونية، ٢٠١٢، ص٧٩.

٩- ماهر صالح الجبورى : القانون الادارى : العراق ، مطبعة التعليم العالى فى بغداد، ١٩٩٧، ص٥٧.

یاساکان:

١- یاسای شارستانی عێراقی ژمارە (٤٠) بۆ سالی (١٩٥١).

٢- قانون ادارة البلديات رقم (١٦٥) لسنة( ١٩٦٤).

٣- یاسای پارێزگاکان ژمارە (١٥٩) بۆ سالی (١٩٦٩).

٤- یاسای چاکسازی کشتوکالی ژمارە (٩٠) بۆ سالی (١٩٧٥).

٥- یاسای بەکارهێنانی کەنار ئاویەکان ژمارە (٥٩) بۆ سالی (١٩٨٧).

٦- یاسای کشتوکالی و سەرچاوەکانی ئاو ژمارە (6)ی (٢٠١٠).

٧- قانون وزارة الدولة لشون الدولة البيئة السورى رقم (١٢) لسنة (٢٠١٢).
ڕێنماییەکان :
١- ڕێنمای ژمارە (٣) بۆسالی (١٩٩٠).
بڕیارەکان :
١- بڕیاری ژمارە (٢٢٢)بارودۆخی راستەقینە.

چاوپێکەوتن:
١- چاوپێکەوتنی کەسی لەگەل سەرۆکی بەشی کشتوکالی تەق تەق لەگەل بەرێز (خێرالله عبدالله فتح الله) ، لە بەشی کشتوکالی تەق تەق، رۆژی( یەک شەممە) رێکەوتی (٢٠٢١/٨/٨)، کاتژمێر (١٠) سەرلەبەیانی.

٢- چاوپێکەوتن ئەنجامدرا لەگەل بەرێز (بارزان احمد صادق) بەرپرسی رووپێو لە بەرێوەبەراتی کشوکاڵ تەق تەق، رۆژی ( دووشەممە) رێکەوتی (٢٠٢١/٧/١١)، کاتژمێر (١١) سەرلەبەیانی.

٣- چاوپێکەوتن ئەنجامدرا لەگەل بەرێز ( یەکێتی واحد صمد) سەرۆکی فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، لە فەرمانگەی شوێنەواری کۆیە، رۆژی(دووشەممە) رێکەوتی (٢٠٢١/٨/٢)، کاتژمێر (١٠:٣٠) سەرلەبەیانی.

چوارەم- سەرچاوە ئینگلیزیەکان :

## References

Hair, J. F. Jr., Babin, B., Money, A. H., & Samouel, P. (2003). Essential of business research methods. John Wiley & Sons: United States of America.

Blbas HTA (2019) Statistical analysis for the most influential reasons for divorce between men and women in Erbil-Iraq International Journal

Taber, K. S. (2018). The use of Cronbach's alpha when developing and reporting research instruments in science education. Research in Science Education, 48(6), 1273-1296.

Zhong, Y., Xu, T., Dong, R., Lyu, J., Liu, B., & Chen, X. (2017). The analysis of reliability and validity of the IT-MAIS, MAIS and MUSS. International Journal of Pediatric Otorhinolaryngology, 96, 106-110.

Wilson, J. (2014). Essentials of business research: A guide to doing your research project. Sage.

Hinton, P. R. (2014). Statistics explained, East Sussex, England, Routledge Inc..

Straub, D., Boudreau, M. C., & Gefen, D. (2004). Validation guidelines for IS positivist research. Communications of the Association for Information systems, 13(1), 24.

Blbas, H. T. A., Aziz, K. F., Nejad, S. H., & Barzinjy, A. A. (2020). Phenomenon of depression and anxiety related to precautions for prevention among population during the outbreak of COVID-19 in Kurdistan Region of Iraq: based on questionnaire survey. Journal of Public Health. https://doi.org/10.1007/s10389-020-01325-9

Blbas, H. (2019). Statistical Analysis for the Most Influential Reasons for Divorce between Men and Women in Erbil- Iraq